

چەمکی گوتار لەنێوەندەقە جیاوازەکاندا

پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

چەمکی گوتار، چەمکێکی فرە مانا و داتا و کارنامەیە، پێناسەیەکی دیاریکراو، ستراتیژیەتی چەمکەکان دەشێوێنێ و تەنها بە لای بازنەیەکمان دەبات و بازنەکانی تر فەرامۆشدەکات، ئەمە لە کاتێکدا کە سەرجەم بوار و ڕێبازەکان دەچنە ژێر یەك چەمکی سەرەکییەوە، وەك ئەوەی جیاوازی نەبێت لە نێوان گوتاری ئەدەبی و سیاسی و فیکری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و هونەری و ئیمپریالیزمی . ..هتد. هەر لەبەر ئەمەشە لێرەدا خۆمان لە چەند پێناسە و ئارگومێنتێکدا دەبینینەوە، کە لە هەمانکاتیشدا هۆکارن بۆ دەستنیشانکردنی مەرجەکان، بۆ نمونە گوتار بریتییە لە:

یەکەم: نامە و گوزارشت، بەو پێیەی نامەکان پێویستە گوزارشت لە شتێك یان چەند شتێك بکات یان نامەکان پێویستیان بە لێکۆڵینەوە هەیە لە ڕێگەی تەکنیکی گوزارشتەوە، خۆ ئەگەر بەپێی گریمانە، نامەکان بۆشاییان تێدا بوو، یان تێکەوت، ئەوا گوزارشتەکان بەرە و ئاراستەیەکی نادیار و نیگەتڤمان دەبات ... یان بە پێچەوانەوە گەر نامەکە لە بنچینەدا خاوەن هێزێکی گونجاوبوو، بەڵام لاوازی هەبوو لە دەربڕینەکان، ئەوا بێگومان، کاریگەر دەبێت لەسەر بونیادی گوتارەکە، گۆران لە شیعری «هەڵبەستی دەروون دا» دەڵێت :»هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم بۆم ناخرێتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستم .

کەواتە، شاعیر خاوەن خەیاڵێکی باشە، بەڵام توانا دەربڕینەکەی یان گوزارشتەکەی لاوازە و هۆکارێکە بۆ لە دایك نەبوونی دەقەکە، ئەم کارەش هۆکاری خۆی هەیە، ئەگینا بە پێی لۆژیك لە کاتێکدا، شاعیر کە خاوەن دەسەڵاتێکی خەیاڵاوییە، دەبوایە شیعرەکە لە دایکبووایە. کە لە دایکیش نابێت، ئەمە مانای ئەوەیە شاعیر لە چرکەساتی خەیاڵەکەدا توشی پێکدادانێك هاتوە، کە کاریگەر دەبێت لەسەر گوزارشتەکە، تەنانەت گەر دەقەکەش لە دایك ببێت، ئەوا ئەو دەقە دەقێکی نەزۆك دەردەچێت، کە بەهاکانی خۆی لە دەستدەدا . لە لایەکی تریشەوە، جاری وا هەیە لە یەك دەقدا چەندین بۆچوونی جیاواز و دژ بە یەك بەدیدەکەین، کە ئێمەی وەرگر نازانین چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و ناشزانین جەخت بخەینە سەر کام بۆچوونیان ! ئەمە لە کاتێکدا جیاوازی هەیە لە بۆچوونەکان لە ڕووی هێز و پێشرەوییەوە، خۆ ئەگەر شتێك ئەم بۆچوونانە ببەستێتەوە وەك ئەوەی گەر فەوزاکان نەسەقێك بیانبەستێتەوە، ئەوا ئەو دەقە دەقێکی سەرکەوتوە، بە پێچەوانەوە فەوزاکان گەر نەسەقێك نەیان بەستێتەوە، ئەوا بەهای دەقەکە بەرە و تێکشکان دەچێت. ئەمانەش ئەوە دەگەیەنن، کە پەیوەندی نێوان نامە و گوزارشت پێویستە لە جۆری تەواوکەری بێت و نامەکە بتوانێت گوزارشت لەو شتە بکات کە پێویستە، هەندێ جار نامەکە پیرۆزە، بەڵام خاوەنەکانیان توانای گوزارشتیان نییە، یان ئەوانەی کە لە دەرەی نامەکەن توانای گوزارشتیان هەیە، بەڵام نامەکە یان بە هەڵە لە دایك بووە، یان بە زۆرە ملێی گوشاردا هاتوە . .

دووەم: پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر، بەو پێیەی یەکەم نامەکەی خۆی بۆ دووەم دەنێرێت بە مەبەستی تێگەیشتن یان کارکردن، لێرەدا پێویستە دووەم لە حاڵەتی خۆئامادەکردن و ئامادەباشیدا بێت لە ڕووی مەعریفیەت و ڕۆشنبیریەت و وەرگرتن تا بتوانێت لە لایەکەوە، پەیوەستێتی خۆی بۆ یەکەم نیشانبدات، لە لایەکی تریشەوە بازنەیەکی ئەکتف و بزێو بێت بۆ یەکەم، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە زۆر حاڵەتدا دەقەکانمان، بە سەرجەم جۆرەکانیەوە، توشی جودابوونەوە هاتون ئەمەش بە هۆی:

یەکەم : هەڵەی بنەڕەتی لە نامەکاندا کە لە سەر بنەمایەکی تەندروست بینا نەکراوە بە هۆی گوشار، یان فیز، یان بۆ خۆ دەرخستن،

کەمتەرخەمی وەرگر کە ڕەنگە بە شتەکانی دەرەوەی نامەکە خۆی خەریك و ماندو بکات، وەك ئەوەی نامەکە لە جێی خۆیەتی، بەڵام وەرگر بەهۆی بێ ئاگایی خۆیەوە، ناتوانێت ناوەڕۆکی نامەکە بەئەنجام بگەیەنێت، هەر لەبەر ئەمەشە، وەرگر پێویستە زۆر جدی بێت لە کارەکەیدا .

ئاستی ڕوناکبیری یان کارنامەیی هەردوو لا هاوشێوە نییە، وەك ئەوەی یەکەم بۆ مەبەستێك لە دایك بووبێت و دووەمیش بۆ مەبەستێکی تر، یان ئەوەی هەریەکەیان هەڵگرلاوی سەرچاوەیەکن کە جیاوازە لەوی تر . بۆ نمونە یەکەمیان هەڵوێستەیەکی نەتەوایەتی و ئەوی تریان سۆسیال، یان سۆشیال دیموکرات، کۆکردنەوەی ئەم دوو لایەنە جیاوازە لە مەڵبەندێکی نا مەدەنیدا. کارێکی سروشتی نییە، تەنانەت لە دەقی شیعریشدا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە لە یەك دەقدا چەندین چەمکی دژ بە یەك هاتوە و هیچ نەسەقێکیش بە یەکەوە ناپان بەستێتەوە، کە ئەمە نەك هەر گوتار دروست ناکات، بەڵکو گاڵتەجاریشە بە گوتار،

نەبوونی هەڵوێستەیەك یان ستراتیژیەتێك کە هەردوو لا بە یەکەوە ببەستێتەوە، دواتر هەریەك لەو لایەنانە بە خواستی خۆی ماناکان، یان گوزارشتەکان لێکدەداتەوە کەلەبەرژەوەندی خۆیەتی، لێرەدا دژایەتی یان بە یەکدادانی ئایدیۆلۆژیایی بە دەردەکەون ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گفتوگۆکان، یان داهێنانەکان هەرەس دێنن.

سێیەم : دیالۆگی سێ کوچکەی نێرەر و نامە و وەرگر یان

خود و ئەو و بابەت، دایەلۆگەکان خۆیان زیاتر لە عەقڵێکی لۆژیکی و فیکری و ئایدیۆلۆژیایدا دەبینێتەوە، واتە جۆری دایەلۆگەکان لە جۆری تەواوکەری و گرێبەستیدایە، لە رۆژئاوا هێزی هەریەك لەو سێ کوچکەیە یەکسانە، وەك ئەوەی هەموویان بۆ یەك پرۆسە دروست بوون و کاردەکەن، بەڵام لە کۆمەڵگای ئێمە، رێدەکەوێت کە نامەکە زۆر پیرۆز بێت و هێزێکی لە رادە بەدەری هەبێت وەك نیشتمان و خاك و نەتەوە، بەڵام لە لایەکەوە نێرەر بە هۆی کاری ناپرۆفیشناڵی و نابەرپرسیارێتییەوە کارەکانی پێ ئەنجام نادرێت، لە لایەکی تریشەوە وەرگر بە چاوی بایەخەوە ناروانێتە نامەکە، جاری وا هەیە نامە و وەرگر لە ئاستی بەرپرسێتی دایە، بەڵام نێرەرەکەش وەك پێویست نییە و بە زۆرە ملێی خۆی تێ ترنجاندووە، جاریواش هەیە نامە و نێرەر وەك پێویست کار دەکەن، بەڵام وەرگر لە روی رۆشنبیریەت و مەعریفیەت و کارەوە لاوازە و توانای خوێندنەوە و بە دواچونی نییە ! بەمەش گوتارەکە کورت دەهێنێ یان لە بار دەچێت..

چوارەم. ململانێی نێوان دەسەڵاتەکان : دەسەڵاتی خودی بکەر و بابەت، یان من و ئەو یان نێرەر و وەرگر، هتد! لێرەدا، ململانێکان هۆکارێك دەبن بۆ گەشە و پرکردنەوەی بۆشاییەکان . بەمەش ململانێکان دروستکەرن نەك روخێنەر، بەڵام لای ئێمە، ململانێکان لە پێناو بەدەستهێنانی کۆکردنەوەی هێز و دەسەڵاتە وەك ئەوەی هەریەکەیان خۆی بۆ سەرکەوتن ئامادە دەکات، کە جیاوازە لە جۆری سەرکەوتنەکانی تر، یان هەر یەکەیان خوازیارە هەرەس بە ژمارەیەك بهێنێ، لەپێناو دەرکەوتنی یان بەدەستهێنانی دەسەڵاتێك، رۆمانی و یۆنانیەکان لەگەڵ ئەوەی دژایەتی بنەرەتیان هەبوو، بەڵام رۆمانەکان لەپێناو بەدەستهێنانی مەعریفەتی زیاتر پەنایان بۆ یۆنانیەکان برد ئەمەش، دوای سەرکەوتنیان بەسەر یۆنانیەکان لە (١٤٦پ.م) تەنانەت کەسێکی وەك هۆمیرۆس سور بوو لەسەر وەرگرتنی زانیاریەکان لە یۆنانیەکان. خێڵە عەرەبەکانی پێش ئیسلامیش لەگەڵ ئەوەی دوژمنایەتی زەمەنیان هەبوو، بەڵام لەپێناو خوڵقاندنی گوتارێکی عەرەبی، ساڵانە لە بازاری عوکاز کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامدەدا و بە شیعر گۆرینەوە کاری دیەلۆگیان رێکدەخست. شیعرە بەرزەکانیان، کە بە هەڵواسراوەکان ناسراوە، بە ئاوی ئاڵتون دەنوسرا و دواتر لە تەنیشت یەکەوە و لە پیرۆزترین جێگە (کەعبە) هەڵدەواسرا، لای ئێمەش لە لایەکەوە بەرز رانەگرتنی زەمەنەکان و سود وەرنەگرتن لە ئەزمونەکانی، لە لایەکی تریشەوە شەڕ بۆ ئایندە ناکەین، بەڵکو ئێستاش پڕ دەکەینەوە بە شتی سەیر و سەرنجراکێش، تەنانەت لە پێناو سەرکەوتن کار دەگاتە ناوزراندنی کەسێتییەکان هەروەك چۆن هەوڵی جدی درا بۆ مەوڵانا و گۆران و پیرەمێرد، لەهەمانکاتدا ململانێکان بووەتە سەرچاوەی نیگەرانی تاکەکان، تا کار گەیشتوەتە ئەوەی ئەم تاکانە باوەریان بە دەسەڵاتەکان کاڵ بێتەوە یان نەمێنێ، یان ئەوەتا دەسەڵاتەکان زانیاری مەعریفی و رۆشنبیریان لەسەر چەمکی ململانێ نییە، واتە ئاگاداری ئەوە نین کە مەبەست و ئامانجی ململانێ، بریتییە لە هەوڵدانی زیاد لە پێویست، لەپێناو بە خزمەتکردنی پرۆسەیەك نەك کوشتنی بەهای دەسەڵاتەکانی تر، پێنجەم: لە سیستمێکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندن: هەر دەقێك لە دەقەکانی ئەدەبی و شیعری و سیاسی و شتی تر، لە رێگەی رێباز و میتۆدەوە رەخنەییەکانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، بە پێچەوانەوە، بەهای ئەو دەقانە، لە رووی هونەری و فیکرییەوە دەرناکەوێت، لە لایەکی ترەوە ئەم هەڵسەنگاندنە بە کاری جودا بوونەوە و دەستنیشانکردنی ژمارەکان هەڵدەسێ، بەو پێیەی جیاوازی هەیە لە نێو ژمارەکان گەر ژمارەکان پەیرەوی سیستم و یاسای ناوخۆ و دەرەوە نەکات، هەر وەك چۆن جیاوازی هەیە لە نێوان زانکۆی هارڤەرد و زانکۆکانی رۆژهەڵات بە گشتی لە رووی زانست و پەیرەو پرۆگرامەوە ! لە کۆمەڵگەی رۆژئاوا، بە هۆی چەمکی ئازادی و بابەتیبوون و رێژەی بەرفراوانی مەعریفیان بەم کاری هەڵسەنگاندنە هەڵدەسن بەبێ ئەوەی بکەونە ژێر گوشاری لایەنێك یان چەند لایەنێك، تەنانەت رۆژئاواییەکان دەتوانن سنورەکان ببەزێنن و کاری نزیکبوونەوە یان دراوسێتی ئەنجامبدەن، کە ئەمە لە بەرژەوەندی دەوڵەمەندکردنی گوتارەکەیانە بەو پێیەی گوتار لە بنەرەتدا، پرۆسەیەکی مەعریفی و رۆشنبیری و ئارکۆلۆژیاییە کە پێویستی بە یارمەتی هەمووو هێز و جێگە و زەمەنەکانە، بەبێ جیاوازی ئاین و زمان و رەگەز، بەڵام لای ئێمە، بە هۆی دەستەمۆیی و دابەشبوونی تاکەکان بەسەر گروپەکاندا و نابابەتیبونی هەڵسەنگاندن و بۆ چوونەکان و لاوازی بازنە مەعریفییەکان و نەبوونی وێرێکی پێویست و سەیرکردنی شتەکان بە گومانەوەو، هتد، دەبینین شتێك نییە پێیبوترێت گوتار تا بەکاری هەڵسەنگاندنەکان هەڵسێت، کە ئەمە تەواو پێچەوانەی رۆژئاوایە بە جیاوازی ژمارەکانیان، لە کاتێکدا رۆژئاواییەکان لە رێگەی گوتارەکانیانەوە دەتوانن خۆیان و دەرەوەی خۆشیان راڤە بکەن و لێی تێبگەن و بە خێرایی رێگە چارەی پێویست بۆ تەنگەشە و قەیرانەکانی بدۆزنەوە، تەنانەت هەندێ جار رووداوەکان، بەشدار دەبن لە پرۆسەی سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبی و

فیکری هەروەك لە شۆڕشی فەرەنسی بەدیدەکرێت و دواتر گوتاریان لێ دروستکرد و ئەو گوتارەش وەك ئارکۆلۆژیایەکی مەعریفی و ڕۆشنبیری پەلی کێشایە سەر ناوچەکانی جیهان و کاریگەری تەواوی خۆی هەبوو، وە تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانکاری لە ڕەوشی فیکری و ئەدەبی و سیاسی جیهان کرد، کەچی ئەم گوتارە بە نرخە لەگەڵ ئەوەی بە خێرایی هاتە ناوچەکەی لای ئێمە، بەڵام وەك پێویست سودی لێ نەبینراو، بەڵکو کاریش لەسەر نەکرا، ئەگەر چی وەك لاساییەکی فورمی هەندێ بانگەوازی بۆ کرا، بەڵام هەتا دەکرا و دەهات، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چەمکی یەکسانی و برایەتی و دادپەروەری لە مەترسیدا بوو، کە ئەمانە سلۆگانی (شعار) شۆڕشی فەرەنسی بوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تا ڕۆشنبیریەت و مەعریفیەتی تاك لە گەشەدا بێت ئەوا زیاتر کراوەتر دەبێت و سود زیاتر لە ڕووداو و گوتارەکانی دەڕەوە دەبینێ، تەنانەت ئێمەی کورد نەمانتوانیوە، سود لە ڕووداوەکانی خۆمان لە ڕووی سیاسی و فیکری و ئەدەبییەوە ببینین، هەتا ئێستا بە چاوی سوکەوە دەڕوانینە هەوڵ و تێکۆشانی سەرکردەکانی وەك مەلیك مەحمود و قازی و شکاك کە ئەمانە هێمای مەعریفەتی زەمەنی خۆیان بوون، جگە لەوەی کە هێمای ڕۆحی بەرەنگاربوونەوە بوون دژ بە دوژمنانی گەل، مەلیك وەك سەرکردە مامەڵەی دەکرد و لە هەوڵی دروستکردنی قەوارەیەکی جوگرافی و سیاسی و فیکری و ئەدەبی دا بوو، لەگەڵ ئەوەی لە نەوەیەکی تەندروست و جێگە و پێگەیەکی دیاریکراوی هەبوو، کە هەمیشە دەیتوانی وەك ئەرستنوکراتیەت دور لە کێشەکان بژی و دوژمنیش مەمنون دەبوو، بەڵام لە مەیدانی شەڕەکاندا بەشداریدەکرد و بریندار دەکرا و زنجیر دەکرایە قاچ و دەستی، لە لایەکی ترەوە پێویستە بوترێت کە یاساکان دەبنە دروستبوونی گوتارەکان کە ئەم یاسایانە بەپێ گوشار و بە شێوەیەکی نا هەستیاری دێنە نێو تاك و کۆمەڵگە، دواتر پێویستە بە شێوەیەکی هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە تێپەڕاندنی کار دەکاتە سەر بنەماکانی گوتار، ئەوسا گوتار ئازاد نابێت لە دەربرینەکاندا و دواتر ستراتیژیەتی گوتاریش بەرەو بە نامۆ بوون دەچێت، بە مانایەکی تر لە لایەکەوە یاساکانی ئێمە لە زۆر حاڵەتدا هەڵقوڵاوی خۆمان نییە و هاوردەکراوە کە ڕەنگە نە گونجاندن دروستبکات، لە لایەکی تریشەوە بەپێی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان یاسا دادەنرێت، یان خواستی زەمەنێکی خێرا گوشار دەخاتە سەر خاوەن دەسەڵات کە یاساکان دابنێن، ئەم یاسایانەش بە هۆی دیاردەیەکەوە ماوەیەك دەژی و دواتر ڕەتدەکردێتەوە، بەمەش یاساکانمان نا جێگیریەك بە خۆیەوە دەبینێ کە نەتوانین وەك پێویست ڕۆڵی بدەینێ، لە سەرو هەموشیانەوە، لە ڕۆژئاوا یاسا بریارە بۆ سەرجەم تاکەکان، بەڵام لای ئێمە یاساکان توشی شۆك دەبن لە بەردەم هەندێ دیاردە و تاکدا، بەم شێوەیەش گوتار نەك هەر بە کاری هەڵسەنگاندن هەڵناسێ، بەڵکو بە چاکیش دەگۆڕێت ..

شەشەم : چەند وشە و دەربرینێکی کورت کە بە دوای یەکتردا دێن و دەچن و چەند وێنەیەکی فراوان و گەورەی لێ دروستەکرێت، کە لە ڕێگەی شێوازگەری یان دابەشبوونیەوە دەکرێت گوزارشتیان بۆ بکەین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەکرێت پانتایی بۆچوونەکان تەسك بکەینەوە و دواتر فراوانتریان بکەین و کۆیان بکەینەوە لە بازنەیەکی دیاریکراودا . بۆ نمونە کە دەڵێین «کوردستان جوان نییە !» ئەمە گەرچی خۆی لە شێوە پرسیار و سەرسوڕماندا دەبینێەوە، بەڵام خاوەنەکەی مەبەستێتی بڵێت «کوردستان جوانە» یان حەز دەکەم بە «جوانی کوردستان ببینم» یان ئەوەی دەڵێت کوردستان جوان نییە، ئەوا ڕاستی نەفەرموو، کوردستان جوانە، یان خاوەنەکەی دەیەوێت پەیوەستێتی خۆی بۆ کوردستان نیشانبدات، بە تایبەتی ئەوانەی کە گومانی نا جوانی کوردستانیان هەیە، لە هەموو ئەم بۆچوونانەدا، ڕستەکە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕستەیەکی جێگیرە و ڕەتکردنەوەی نییە. لێرەدا جۆری نمایشەکە ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو زیاتر لایەنێکی ڕەوانبێژی یان ئەدەبی ڕۆڵی تێدا دەبینێ، بەڵام لە دەرەوەی ئەم نمایشە، جۆرە تێنەگەیشتنێك لە ڕستەکەدا دروستدەبێت، بەوەی خاوەنەکەی خاوەنی یەك پرسیارە و یەك وەڵامیشی دەوێت بە بەڵێ یان نەخێر ! ئەمەش ڕەنگە ئەوە بگەیەنێت، کە خاوەنەکەی هەر لە سەرەتاوە مەبەستی ڕایکردن و گەمەیەکی ڕاگەیاندنی بێت، و ڕەنگە لە ناخیشدا هیچ حەز نەکات بەرامبەر بە «بەڵێ» وەڵامەکەی بداتەوە وەك ئەوەی مەبەستی نەبێت کوردستان جوان بێت یان نا! پیرۆز بێت، یان پێچەوانە، دیارە فاکتەرە ماتریالیزمەکان لێرەدا هۆکارێکە بۆ نەگۆڕینی ڕاستەی ڕستەکە، کە ئەمە جۆرە گومانێك یان بێ متمانەییەك لای تاکەکان دروستدەکات، بەرامبەر بە جوانی و ناجوانی کوردستان، لە لایەکی ترەوە لاوازی ڕۆشنبیریەت و مەعریفیەتی تاکەکانمان وایکردوە کە دەسەڵاتی ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیان نەبێت . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە لە ناخدا هەوڵێکی جدیمان نییە بۆ فێر بوونی شتەکان، هەر لەبەر ئەمەشە دەمانەوێت بە خێرایی قەڵەمبازی زەمەن بدەین بۆ ئەوەی مەعریفیەتی ئەو زەمەنە نەمانخاتە ژێر کالکولەیتەری لێ پرسینەوە.

نمونەیەکی تر لە کاتێکدا شاعیرێکی وەک گۆران دەڵێت «ئافرەت و جوانی» لەم ناونیشانەدا و بەپێی ڕێبازی شێواز گەری کە پەنا بۆ چەمکە زمانیەکان دەبات، لە پێناو لێکدانەوە و ڕاڤەکردن، ئەوا دەشێ بوترێت کە ئەم ناونیشانە دەتوانێت لە لایەکەوە ستراتیژیەتی شیعری گۆران نیشانبدات، لە لایەکی تریشەوە مەبەستە سەرەکیەکەی دەقەکەمان بۆ دەردەخات، بەو پێیەی دەقەکە لە سەرەتاوە و لە پانتاییەکی زۆردا پەنای بۆ سروشت و جوانی بردووە، بەڵام مەبەستەکە خۆی لە جوانی ئافرەتدا دەبینێ کە دوای سروشتەکە هاتوە، واتە لەم دوو وشەیەوە، کە زۆر سادە و ساکارە، شاعیر پەیوەستێتی خۆی بۆ جۆری ئافرەت ئاشکرا دەکات، جۆرەکەش لە لایەکەوە پلاتۆنیبە، لە لایەکی تریشەوە دەشێ لە پاڵ ئەم پلاتۆنیەدا جوانیەکی ئیستاتیکی سەر بە وێنە و ڕوخسارێکی دەرەوە بێت، چونکە وشەی جوانی وشەیەکە دابەشدەبێت بەسەر جوانی دەرەوە و ناوەوەدا، ئافرەتەکەش دیاریکراو نییە و دەشێ پەیوەندی بە هەموو ئافرەتێکەوە هەبێت کە خاوەنی ئەو جۆرە جوانیە بێت، لەم ناونیشانەدا کە یەکەم شیعری دیوانی گۆرانە، جۆرە شێواز و دەربڕینێکی تر دێتە بەرچاو، بەمەش شاعیر لە هەوڵی کۆکردنەوەی وێنەکانی خۆیەتی تا بتوانێت بە هەموویان وێنەیەک،یان گوتارێک دروستبکەن . بۆ ئەمەشیان تێکرای وەرگر سەری سوڕماوە لەوەی کە شیعرەکە لە دوو بەشی جیاواز دروستبووە. یەکەم: سروشت . دووەم : ئافرەت، ئافرەتیش دوو سیفەت وەردەگرێت جوانی ناوەوەی ئافرەت، جوانی دەرەوەی ئافرەت : دابەشبوونی دەقەکە بۆ ئەم چەمکە جیاوازانە، گوتار دەخاتە ژێر پرسیار و ئێمەی وەرگر نازانین لە کامیاندا کارەکە چڕ بکەینەوە . .

حەوتەم :یەکەیکی زمانەوانی کە لە ڕێگەی قسەکەرەوە بونیاد دەنرێت، دواتر دەشێ ڕاستەی رستە و نامەکەی پێ بگوڕیت . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قسەکەر پێویستە تونای گوڕینی ژمارەکانی هەبێت. بۆ نمونە کابتنی کەشتی، یان فرۆکەیەک ناتوانێت تەنها پشت بە یەک هێڵ ببەستێت، چونکە هەندێ جار بە هۆی کارێکی سروشتی یان سەربازییەوە ڕاستەکان تێکدەچن، لێرەدا کاری کاپتن رزگارکردنی سەرنشینەکانە، بە مانایەکی تر پێویستە لە ڕێگەی کاری پسپۆرییەوە، دەستەواژەی دەربڕینەکان بگوڕێت بەو شێوازەی کە بە پێی زەمەن دەگونجێ، تەنانەت تێکرای خەڵکی دەبێت، ڕاهێنان لەسەر شێوازە جۆرا و جۆرەکان بکەن تا لە لایەکەوە بەشداربن لەپرۆسەی نامەکە، لە لایەکی تریشەوە گوڕانەکە نامۆ نەبێت پێیان، بەڵام لای ئێمە، سەرەتا، بەو پێیەی تونای قسەکەر و تێکرای خەڵکی لە ڕووی مەعریفی و فیکری و ڕۆشنبیریەوە دیاریکراوە، دەبینین گوڕانەکان بە خاویی دەروات، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا ئاراستەکانیشمان بەرە و تێکشکان دەچێ. بەمەش پێکدادان لە نێوان هێڵەکان ڕوو دەدات، وەک ئەوەی خاوەن قسە لە یەک کاتدا چەندین داوا و پرۆژەی هەبێت و هەموووشیانی لا پیرۆزبێت، بەڵام ناتوانێت بە پێی ژمارەی لۆژیکی ڕێزیان بکات بۆ ئەوەی کاری گوڕانکاریان بۆ ئەنجام بدات. کە ڕێزکردن لە ڕۆژئاوا خۆی بۆ خۆی پرۆژەیە و پێویستی بە هێزی پرۆفیشناڵەکان هەیە، بۆ نمونە ئەوان دەزانن کام ژمارە لەو ژمارانەی کە ڕیز کراون دەبێتە ژمارەی چەقێتی و دەتوانێت کاریگەڕێتی و ڕژێمەکان دروست بکات لەسەر ژمارەکانی تر، واتە ئێمە لە کاتێکدا دەڵێین هەموو ژمارەکان گرنگ و پێویستن، پێویستە ئەوەش بزانین کە کامیان لە هەموویان بەپێی سروشتی جێگە و زەمەن باشتر و باشترینە. بۆ نمونە ئەمڕۆ بۆ جێگەیەکی وەک ئێمە، لە هەموو شتەکان پیرۆز تر ئابوورییە، چونکە زۆربەی هەرە زۆری تاکەکان بە دەست هەژارییەوە دەنااڵێنن . ئەمە لە کاتێکدا لە سەرەتای سەدەی بیستەم تا کۆتایی ئەم سەدەیە، زیاتر پێویستمان بە فیکر و سیاسەت بوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم فاکتەرانەوە تاک بە ئاسودەیی بژی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زەمەنەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان داوای گوڕینی ئاراستەکان دەکەن، بەڵام لای ئێمە دەرباز بوون لە وێنە کلاسیکەکان کارێکی سەخت و دژوارە .

هەشتەم : ستراتیژیەتی قسەکردن یان ڕژێمێک کە لە بنەڕەتدا لە چەند قسە و ڕژێمێکی تر پێک دێت، لە وڵاتانی خاوەن گوتار شتێک هەیە کە توانای کۆکردنەوەی شتەکانی هەیە و دەتوانێت بەرژەوەندی تاک و تاکەکان و گروپەکان مسۆگەر بکات، تەنانەت دەتوانن لە ڕێگەی ئەو شتانەوە کاری بەرامبەر ئەنجامبدەن لەگەڵ بازنەکانی دەرەوەدا، هەر بۆ نمونە ستراتیژیەتی رژێمی خاوەن گوتارەکان، توانای دانانی پرۆژە و سیستمە و پلانی دەرەوەی خۆشیان هەیە، هەروەک چۆن ئەمریکا، ئەمڕۆکە، لە زۆر ڕووەوە جێ دەستی دیارە لە نێو کۆمەڵگاکانی جیهاندا، تەنانەت بە ئەوروپاشەوە، بەڵام لای ئێمە ڕەنگەکان ڕەنگێک دروست ناکات، بەڵکو هەمیشە کار لەسەر دابران و جودابوونەوەی ڕەنگەکان دەکرێت، لە هەمانکاتدا ئەوەندەی ڕەنگە تایبەتەکانمان لا پیرۆزە، ئەوەندە بایەخ بە ڕەنگە سەرەکیەکان نادەین، تەنانەت لە نێو ڕەنگە تایبەتەکاندا، چەندین کێشە و گرفت هەیە و دەسەڵاتی تاکگەرایی توانای چارەسەرکردنیان نییە . لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، تەنها بایەخ بە سێکتەرێک دەدرێت و سێکتەرەکانی تر پشتگوێ دەخرێن، نەبوونی گوتار لێرەدا هۆکارە بۆ یەکنەگرتنەوەی

قسه و ڕژێمه‌کان، له هه‌مانکاتیشدا نه‌مانتوانیوه کاریگه‌ری له‌سه‌ر ده‌ره‌وه‌ی خۆمان دروست بکه‌ین، به‌ڵکو به پێچه‌وانه‌وه شته‌کانمان زۆربه‌یان هاوردەن،

نۆیه‌م : ده‌ربڕینێکی ئاراسته‌کراو بۆ ده‌ره‌وه به مه‌به‌ستی تێگه‌شتنی دیاریکراوه‌کان. لێره‌دا قسه‌که‌ر، یان نوسه‌ر پێویسته له یه‌ك کاتدا بایه‌خ به:

١-شێوه‌ی ده‌ربڕینه‌کان بدات له ڕووی په‌یوه‌ندی وشه و ده‌سته‌واژه و پێکهاته‌کان، چونکه گه‌ر هه‌ڵه‌یه‌ك که‌وته نێو وشه و ده‌سته‌واژه‌کان، ئه‌وا ره‌نگه له زۆر ڕووه‌وه کاره‌ساتی گه‌وره‌ی لێ بکه‌وێته‌وه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که‌سی وه‌رگر له ده‌ره‌وه کار له‌سه‌ر ئه‌و هه‌ڵه‌یه ده‌کات، له هه‌ندێ حاڵه‌تدا ولاته زلهێزه‌کان به ده‌ستی ئه‌نقه‌ست ئه‌م کاره ئه‌نجامده‌ده‌ن بۆ ئه‌وه‌ی به‌رامبه‌ر توشی کێشه‌یه‌ك بکه‌ن. هه‌روه‌ك چۆن له‌گه‌ڵ عێراق به‌کاریانهێنا پێش جه‌نگی که‌نداو، دوای ئه‌وه‌ی باڵیۆزی ئه‌مریکی له عێراق گه‌مه‌یه‌کی ده‌ربڕینی کرد و ئه‌و گه‌مه‌یه بووه هۆی سه‌رهه‌ڵدانی کێشه و هه‌ڵه‌یه‌کی گه‌وره. هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مه‌شه، سه‌رۆکه‌کانی ولاته پێشکه‌وتوه‌کان، له‌پێناو دورکه‌وتنه‌وه له هه‌له‌کان و له کاتی پێشکه‌شکردنی گوتاره‌کانیان هه‌میشه ڕاهێنان ده‌که‌ن، به‌ڵام لای ئێمه به به‌رده‌وامی ئه‌م هه‌ڵانه دوباره ده‌بنه‌وه و به به‌رده‌وامیش کێشه دروستده‌بێت، که دواتر چاره‌سه‌رکردنی کارێکی ئاسان نییه، له ڕووی سیاسیه‌وه نمونه‌مان زۆره.

٢-ناوه‌ڕۆکی ئه‌و شێوه و ده‌ربڕینانه بدات، چونکه بایه‌خ دان ته‌نها به شیکردنه‌وه شێوه‌ییه‌کان به‌س نییه بۆ ده‌ست نیشانکردنی گوتار، چونکه له‌م حاڵه‌ته‌دا کاره‌که وه‌ك کارێکی ڕتوشی یان مکیاژی لێدێت، هه‌روه‌ها جه‌ختکردنه سه‌ر ناوه‌ڕۆکه زه‌قه‌کان به بێ هونه‌ری قسه‌کردن، بۆ ئه‌میشیان، به‌س نییه، چونکه خاوه‌ن گوتاره‌کان، بۆ هه‌چ ده‌سته‌واژه‌یه‌ك یان ده‌ربڕینێك، خۆیان ئاماده ده‌که‌ن تا بتوانن کارنامه‌کانی خۆیان بدۆزنه‌وه و شکستنه‌هێنن. هه‌ر بۆ نمونه قوتابخانه‌کانی وه‌ك کلاسیکی تازه له فه‌ره‌نسا و ڕۆمانسیه‌ت، به نمونه‌ی وردز ورز و کولیردج، و ڕیالیزم و هێماییزم عه‌فه‌ویانه له دایك نه‌بوو، له پشت ئه‌م ڕێبازانه‌وه چه‌ندین هه‌وڵ و کۆششی مه‌عریفی و ڕۆشنبیری هه‌بوو، به پێچه‌وانه‌وه لای ئێمه له لایه‌که‌وه

بازنەکان عەفەویانە لە دایك دەبن، لە لایەکی تریشەوە هاوردە دەکرێن کە نازانین چەند یەکدەگرنەوە لەگەڵ کەسێتی و تایبەتمەندێتی ئێمەدا، بۆیە دەبینین بازنەکان ماوەیەکی کەم بەردەوام دەبن و دواتر ون دەبن وە وەك ئەوەی کە لە روانگەدا بەدی کرا، لە هەمانکاتدا ئێمە بە هۆی هێما ئاڵۆزەکانەوە ناتوانین دەربڕین و دەستەواژەی بەرامبەرەکان بخوێنینەوە و لێیان تێ بگەین، کە لە زۆر حاڵەتدا توشی دۆڕاندن هاتوین، چونکە گوتار لە خوڕا دروست نابێت، چەند بەرامبەر بە هێز بێت، دەبێت ئەوەندەش بەرامبەری ئێمە بە هێز بێت، بۆیە هەست دەکەین بە ئاشکرا کە باکگراوندی دەربڕینەکانمان هەڵقوڵاوی رۆشنبیریەت و مەعریفیەتێکی تەندروست نییە و هەمیشە هەڵەکان دوبارە دەکەینەوە .

لە هەمووو ئەمانەی کە باسمان کرد، پێویستە لێرەدا، ئاماژە بە گرنگی گوتار بکەین کە بریتییە :

یەکەم : نزیکایەتی یان دراوسێیەتی فیکری و سیاسی و ئەدەبی:

هیچ دەقێك یان نوسەرێك بەبێ پەیوەندییەکان، وەك کارێکی سەرچاوەیی یان سەرچاوە لێگرتن، گوتاری بۆ ئەنجام نادرێت، تەنانەت نوسەر لە پێناو بە دەستهێنانی گوتارێك، پێویستە هێڵە سورەکان ببەزێنێ وەك هێڵی ئاینی و کلتوری و ئایدیۆلۆژیایی و جێگەیی . بۆ نمونە دانتی ئیتالی و گۆتەی ئەڵمانی، هەردووکیان سەر بە رژێمێکی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و جێگەیی دیاریکراو بوون، بەرەو رۆژهەڵات و ئیسلام هاتن، ئەویش بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و ئەزمون و شێواز و تەکنیکەکان، لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان لە رووی مەعریفەت و رۆشنبیریەتەوە لە ئاستێکی بەرزدا بوون، بەڵام هەر لە سەرەتای ژیانیانەوە ئەو هەستەیان لا دروست ببوو، کە تا زانیاری و ئەزمونەکان لە زیاد بووندا بێت، ئەوەندە گوتارەکانیان جێگیر و سەرکەوتوتر دەبێت، پەیوەندێتی و کاریگەرێتی هەردووکیان دەرئەنجامی بە جیهانبوونیان بوو، دانتی و کۆمیدیای خودایی، گوتە و دیوانی رۆژهەڵات . بەمەش کلتوری رۆژهەڵات بە گشتی و ئیسلامی بە تایبەتی بوون بە شتێکی ئەکتیڤ لە کارەکانیان، بە مانایەکی رونتر لەپێناو بە دەستهێنانی گوتار، ئاینی مەسیحی و کلتوری رۆژئاوا رێگر نەبوون لەبەردەم دانتی و گۆتەدا، بەڵام لای ئێمە، لە لایەکەوە بە هۆی لاوازی رۆشنبیری و لە لایەکی تریشەوە نەبوونی وێرایەتی بۆ تێپەڕاندنی هێڵە سورەکان، نەمانتوانیوە کاری دراوسێیەتی ئەنجامبدەین، واتە دبلۆماسیەتی دەرەوەمان ئەوەندە بەهێز نییە، تا بتوانین گوتار دروستبکەین، ستراتیژیەتیشی بۆ دابنێین . چوونە دەرەوەکانیشمان زیاتر مۆرکی مۆدێلی وەردەگرێت نەك مەبەستێتی، هەر بۆ نمونە زۆر لە نوسەران و شاعیرانمان دوای شەپۆلێك کەوتوون، بەڵام بە شێوەیەکی جدی ئاگاداری ناوەڕۆکی ئەو شەپۆلانە نەبوون، بۆیە دەبینین ماوەیەك ماونەتەوە و دواتر پاشەکشەیانکردوە، یان زۆر لە شاعیرانمان، بە هۆی تێنەگەیشتنی فورمەکانی دەرەوە، کەوتونەتە هەڵەی تەکنیکی و هونەری و فیکرییەوە لە ئەنجامدا دەقەکانیان ماوەیەك ماونەتەوە و دواتر بەرە و کزبوون و لە بیرچوونەوە رۆشتون . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێمە بە شێوەیەکی گشتی نا جێگیریەکمان پێوە دیارە لە هەڵس و کەوت و زۆر بە خێرایی رەوشی خۆمان و یاسا و رێنماییەکانمان دەگۆڕین، ئەمە دوای ئەوەی کە هێشتا راهێنانی باش و ئەزمونی جدیمان بۆ نەکردون، تاکی کوردی هەمیشە لە حاڵەتی چاودێری بڕیارەکاندایە تا بزانێت سبەینێ نەك دوو سبەی چی دەردەچێت، کە ئەمە لە جیهانی گوتاردا جێگەی نابێتەوە و وێنەی نییە،

دووەم: بەرجەستەکردنی بیر و بۆ چونەکان لەبەر دەم وەرگردا، بۆ خوڵقاندنی گوتارێك، پێویستە رێکەوتنێك، لەسەر بنەمایەکی فیکری یان ئەخلاقی، هەبێت لە نێوان بیر و بۆچوونەکان لەگەڵ وەرگردا، واتە لە کاتێکدا بۆچوونەکان بەرجەستە دەبن، ئەوا تێگەیشتنەکان گوشار دەخەنە سەر وەرگرەکان دواتر بە شێوەیەکی سیستماتیك گوتار لە دایك دەبێت . بۆ نمونە لە وڵاتانی خاوەن گوتار بە نمونەی ئینگلتەرا لە کاتێکدا رۆمانسیەت و خەسڵەتەکانی لە دایك بوون، لە بەرامبەردا کەسانێك هەبوو لەم رێباز و چەمکە تێگەیشتن و راڤە و کاریشیان لەسەر دەکرد، ئەمەش بە هۆی ئەو رێکەوتنە مەعریفییەوە بوو کە هەردوو لای پێکەوە گرێدابوو، ئەنجامی ئەم رێکەوتنە، چوونە دەرەوەی ئەم رێبازە بوو بۆ دەرەوەی وڵات و دواتر بە جیهانی بوونی، بەڵام کە هاتە رۆژهەڵات، بە هۆی بۆشایی رۆشنبیری و مەعریفییەوە شاعیران بە نمونەی ئەپۆلۆو مەهجەر بەبێدەستکاری و لادان وەك خۆی وەریانگرت . واتە کۆپیەکی دەرەوە بوون، لە ئەدەبیاتی ئێمەشدا، جگە لە چەند شاعیرێکی زۆر کەم بە نمونەی گۆران و پیرەمێرد و هەردی، هەمان هەڵەمان دووبارە کردەوە، بۆیە لای ئێمە بۆچوونەکان لە بازنەیەکی دیاریکراوی داخراودا دەمێنێتەوە و بە جدی کاریان لەسەر ناکەین، بەڵکو بۆچوونەکانی دەرەوە بێکار و بێبەها دەمێننەوە، بەم دڵەراوکێیەش گوتار دروست نابێت،

سێیەم: بەردەوامیە مێژووییەکان دەقە سەرکەوتوەکان، یان

ئایدیا والا
گۆڤارێکی فکرییە دوومانگ، جارێک دودەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم